cyan magenta yellow black File: p14-15 fl ˙ Æ˝ ” 1



# وۆڵف دەبێتە یەکەمین شوفێری ئافرەت لە تاقیکردنەوەکانی فۆرمۆلا1



یانەی ولیامس-مێرسیدس کە لەم وەرزە خاوەنی پلەی سێیەمی پاڵەوانێتی دروستکەران بوول ە پاڵەوانێتی جیهانی فۆرمۆلا 1؟رایگەیاند کە کچە شوفێر سۆزی وۆڵف دەبێتە شوفێری فەرمی یانەکەیان لە تاقیکردنەوەکانی فەرمی داهاتوو. یانەی ولیامس لە بڵاوکراوەیەکدا ئاماژەیان بەوەکردووە کە وۆڵفی تەمەن 30ساڵ دەبێتە شوفێری تاقیکردنەوەکانی سەربەخۆ لە ساڵی داهاتووی 2015دا کە دوو گەڕی ئامادەکاری تایبەت ئەنجام دەدرێت، یانەی بەریتانی دەڵێت دوای 3وەرز لە دامەزراندنی وۆڵف وەکو شوفێری یارمەتیدەر لە پێشخستنی ئۆتۆمبێلەکان ئەم رۆڵەی پێدراوە، کە ئاراستەکراوە بەشداری هەردوو گەڕی تاقیکردنەوەکانی بەیانی خەڵاتی بەریتانیاو ئەڵمانیا بکات. کە ئەمەش یەکەمین جارە دوای 20ساڵ شوفێرێکی ئافرەت بەفەرمی بەشداری تاقیکردنەوەکانی جۆری یەک بکات. وۆڵف کاروانی خۆی لەگەڵ پێشبڕکێکانی ئۆتۆمبێل لەساڵی 2002 دەستپێکردووە کە لەگەڵ فۆرمۆلا رینۆی بەریتانیا بووە تا ساڵی 2004؟کە پلەی پێنجەمی وەرگرت و ئەمەش بووە هۆی دەرگاکرانەوە بەڕووی بۆ ئەوەی بێتە ریزی فۆرمۆلا3ی بەریتانیا لەساڵی 2005 پاشان پەیوەندی بە پێشبڕکێی ئۆتۆمبێلی گەشت وگوزاری کرد لە ئەڵمانیا تاساڵی 2011؟ ئەوجا چووە تیپی ولیامس وەکو شوفێری تاقیکاری.

ئاراس عەزیز

## سەرۆکی یەکێتی شەترەنجی عێراق لە دیداری خەبات دا:

# زافر عەبدولئەمیر: بە راسپاردەی دەستەی گشتی سەردانی کوردستانم کرد ئەویش بۆ سرینەوەی ئەو ناکۆکییەی کە لەنێوان هەولێر و بەغداوە هەبوون



**دیمانە : هاوار مورتکەیی**

لە دەرفەتێکدا زافر عەبدولئەمیر سەرۆکی یەکێتی شەترەنجی عێراقیمان دواندو دیمانەیەکمان لەگەڵی رێکخست، لەسەرەتدا باسی شەترەنجی ئەم دواییەی عێراقی کردو و گوتی: دوای ئەوەی یەکیتی شەترەنجی عێراق بنەمایەکی دانا بۆ شەترەنجزانانی تازەپێگەیشتوان و لاوان، ئەوا ئایندەیەکی گەش چاوەڕوانی شەترەنجی عێراقی دەکات، بێگومان ژمارەکانیش باس لە ئەنجامەکانی ئەم دواییەی شەترەنجی عێراق دەکات، تیپی عێراقی لە پاڵەوانێتی عەرەبی 2013بۆ تەمەنەکان کە لە وڵاتی ئوردن بەڕێوەچوو پلەی دووەمی بەدەست هێنا لەدوای میسر و هەروەها ئیماراتیش پلەی سێیەم، لە هەمان پاڵەوانێتیش لە ساڵی 2014عێراق توانی 3میدالیا بەدەست بهێنیت کە زێرێک و دوو زیو بوو، ئێستاش خۆمان بۆ ئۆلۆمپیادی جیهانی ژێر 16ساڵی ئامادە دەکەین کە لە هەنگاریا بەڕێوەدەچێت و 5شەترەنجزان نوێنەرایەتی عێراق دەکەن، هیوامان زۆرە کە ئەنجامێکی باش بەدەست بهێنن کە شایستەی سومعەی شەترەنجی عێراقی بێت، دوای ئەمەش عێراق بەشداری دەکات لە پاڵەوانێتی تازە پێگەیشتوانی عەرەب.

هەروەها سەرۆکی یەکێتی شەترەنجی عێراق ئاماژەی بۆ ئەوش کرد کە ئەوان دوو راهێنەری پیشەگەری میسریان هێناوە بۆ راهێنانی تیپەکانی عێراق و رۆژانە 7تا10 کاتژمێر مەشقیان پێ دەکەن، کە بێگومان ئەمەش کاریگەری خۆی دەبێت لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی ئەو شەترەنجزانانە، لەسەر ئاستی پێشکەوتوانیش بەشداری کارامان هەبوو، کە ئاکار عەلی شەترەنجزانیش ئەنجامی باش بوو، کە هیواداریین لە کۆتاییدا کە بتوانێ بەو دەسکەوتەی بگات کە پێی نەگەیشتووە ئەویش نازناوی IM.

پاشان زافر عەبدولئەمیر هۆکاری هاتنی بۆ هەولێر روونکردەوەو گوتی: بۆ دوو مەبەست هاتیمە هەولێر، بە راسپاردەی دەستەی گشتی سەردانی کوردستانم کرد ئەویش بۆ سرینەوەی ئەو ناکۆکییەی کە لەنێوان هەولێر و بەغداوە هەبوون، کاتێک لەگەڵ هەریەک لەبەرێزان پشتیوان ئەحمەد سەرۆکی فەخری یانەی خانزاد و دلزار حەمەساڵح ناوبژیوانی نێودەوڵەتی و سەرۆکی یانەی خانزاد و ئازاد سابیر سەرۆکی یەکێتی شەترەنجی کوردستان و فەرهەنگ رەشکینی سەرۆکی پەیمانگای شەترەنجی کاپابلانکا دانیشتین و هەموان روونکردنەوەی خۆماندا و لەیەکگەیشتنێک لەنێوانماندا هەبوو، هەروەک دەستەی گشتیش چاوەڕوانی دەکرد لاپەڕەیەکی تازەمان کردەوە و ئەوهۆکارانەی ببونە هاتنەپێشەوەی ئاستەنگەکان توانرا لاببردرێن و دواجار سوپاس بۆخوا کە سەرکەوتووبووین لە ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە و پەیوەندییەکان گەرانەوە باری جاران و هیواداریین باشتری بکەین ئەو پەیوەندییانە. دواجار گوتی: بە ئاسایی کردنەوەی ئەم پەیوەندییەش م1دەی ئەوە دەدەینە شەترەنجزانان بەگشتی کە ئەم هەنگاوانەمان لەخزمەتی ئەوانداب‌ووە و ئێمە لەگەڵ هەموو یەکێتییەکان و یەکێتی شەترەنجی کوردستان کار بۆ ئەوە دەکەین ئاستی شەترەنجزانان بەرزبکەینەوە و دواجاریش بەرزکردنەوەی ریتینگی

# سلێمانی بە 350ملیۆن شەڕی خولی کوردستان دەکات

**کاروان کاوە**

هەر چەندە ئەم وەرزە یانەی سلێمانی بە راهێنەرایەتی سەردار ساڵحی کوری شاری سلێمانی چۆتە نێو ڕکابەرییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان لە کۆی ئەنجامدانی 5هەفتە لە خولەکەش یانەی سلێمانی لە پلەی پێنجەم دێت بە کۆکردنەوەی تەنیا حەوت خاڵ لە ئێستاشدا یانەکە چوار یاریزانی خولی عێراقی بۆ گەڕاوەتەوە بەنیازی ئەوەن پلەیەکی باشتر بەدەست بهێنین لە یارییەکانی داهاتوو لەم بارەشەوە سەردار ساڵح راهێنەری یانەی سلێمانی بۆ رۆژنامەی خەبات گوتی: هەر چەندە ئەم وەزرە ژمارەیەک یاریزانمان چوونە تیپی خولی 8عێراقی ئەوەش کاریگەری هەبوو بەس بەمشێوەیە نەبوو ، بەڵام ئێستا چوار یاریزانمان گەڕاتەوە خولی کوردستان ئەوەش هێزێکی تر دەبەخشێتە تیپەکە لە کێبرکییەکانی ئەم وەزرە کە بۆ ئێمە گرنگی خۆی دەبێت، گوتیشی" ئومێدێکی زۆرمان



هەیەکە بتوانین ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین بەڵام بە دیاری کراوی نالێم چەندەم دەبین بەڵام ئەنجامان باش دەبێت، لە بارەی کێشەکانیان ساڵح گوتی" ئێمە ئەمساڵ هیچ مووچەیەکمان نیە بۆ یاریزانانی یانەکەمان تەنیا گرێبەستە ئەویش تاکو ئێستا هیچ بڕە گرێبەستێکی یاریزانان وەرنەگیراوە و دەستەی کارگێری یانەکەشمان لە هەوڵی ئەوەیە بتوانێ ئەم بڕەپارەیە دابین بکات، لە بارەی بایکوت کردنی مەشقەکانیش ناوبراو گوتی" تاکوئێستا هیچ یاریزانێک ئەوەی نەگووتووە کەوا مەشقەکان بایکۆت بکەن چونکە ئەوان مافی سروشتی خۆیانە و یانەکەش ئەوانی لەبەر چاوە و یاریزانان دڵسۆزن بۆ یانەکەمان، گوتیشی " سەرجەم بڕی گرێبەستی یاریزانانی ئێمە ئەمساڵ 350ملیۆن دینارە بەم بڕە پارەیەش دەتوانین شەڕی خولی نایابی کوردستان بکەین بۆ بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستە ، ئەمسالیش گۆڕانکاری زۆر کراوە لە یانەکەمان کە بەشێوەیەکی گشتی ئێمەش ئومێدی زۆرمان بە یاریزانانی خۆمان هەیە کە دەتوانین شتێک بە شتێک بکەین و هیچ یاریزانێکی عەرەبمان نییە و سەرجەم یاریزانانی ئێمە کوردن و ئێمەش گرنگی زیاتر بە تواناکانی یاریزانانی کورد دەدەین لە یانەی سلێمانی.

# زاخۆ بە خاڵێک ڕازی بوو



**کارزان کانەبی**

لە میانی یارییەکانی هەفتەی حەفتەمی خولی نایابی یانەکانی عێراقی لە قۆناغی یەکەمی خولەکە لە شاری بەغداد لەسەر یاریگای نەفت هەردوو یانەی زاخۆ و کارەبا ڕووبەڕووی یەکتری بوونەوە لەم یارییەشدا سەرەرای ئەوەی یانەی زاخۆ بەفەرمی داوای لە یەکێتی تۆپی پێی عێراقی کردبوو لە دواخستنی یارییەکە بۆ کاتێکی تر بەهۆی ئامادەنەبوونی یانەی زاخۆ بۆ ئەم یارییە ، بەڵام یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی عێراقی داواکەی یانەی زاخۆ پەسند نەکردو یارییەکەی لە کاتی خۆیدا ئەنجامداوە لەم یارییەشدا یاریزانانی هەردوو تیپ ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کردو یانەی زاخۆ لە رێگای یاریزانانی یانەکە هەوڵی زۆریاندا بۆ ئەویە بتوانن ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن و کۆنترۆلی یاریگا بکەن بۆ دەستەبەر کردنی یەکەم سێ خاڵ لەسەر دەستی راهێنەری تازەی یانەکە عەلی هادی ، بەڵام گشت هەوڵەکانیان بێ سوود بوو یانەی زاخۆش بە تاکە گۆڵێک و بەخاڵێک لە شاری بەغداوە گەڕاوە زاخۆی دەلال تاکە گۆڵی زاخۆش یاریزان سەهل نەعیم تۆماری کرد، لەبارەی یارییەکەش شڤان خەلیل لە راگەیاندنی یانەی زاخۆ بە رۆژنامەی خەباتی راگەیاند گوتی: ئێمە بەفەرمی داوای دواخستنی یارییەکەمان کردبوو بەڵام هەوڵەکانمان بێ سوود بوو ئەوان داوای بەرێوەچوونی یارییەکەیان کردوو باشبوو تەنیا یەک خاڵمان بەدەست هێنا چونکە هێشتا ئامادەکارییەکانی یانەکەمان ماوە بۆ ئەوەی بەش یوەیەکی تۆکمە ئامادەبین، لەلایەکی دیکەوەش هەردوو یانەی شورتە و حدود بەیەک گەیشتن لەم یارییەشدا یاریزانانی یانەی شورتە توانیان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن و کۆنترۆلی تەواوی یاریگا بکەن و یارییەکەش بە سوودی ۆخیان بە کۆتایی هێنا بە ئەنجامی(2-0)گۆڵ.

## یارییەکانی ئەمشەو

-خولی ئینگلیزی کاتژمێر 10:45 خولەکی شەو
ئیڤرتۆن-هال سیتی، ئارسناڵ-ساوسهامپتۆن، چێلسی-تۆتنهام، سەندەرلاند-مان سیتی
جامی شای ئیسپانیا:
ئەشبیلیە-سابادیل، هۆسبیتالیت-ئەتلەتیکۆ مەدرید، دیپۆرتیڤۆ لاکەرۆنیا- مەلەگە 10ی شەو
هیسکا- بەرشلۆنە، گرنادە- قورتبە 12ی شەو
جامی ئیتالیا:
ئەتلانتا- ئاڤیللیتۆ 5ی شێوان، ئامبۆلی- جەنەوا 8ی شەو، ئۆدینیزی-چیزینا 11ی شەو

## یانەی زاخۆ بەدوویاریزانی بەرازیلی خۆی بەهێزدەکات

**ئا: سەرهەنگ نەجمەدین**

بەمەبەستی گرینگیدان بەئاست و توانای یانەکەیان لەخولی یانەکانی ئێراقدا، یانەی زاخۆ لەهەوڵی هێنانی یاریزانان بەردەوامە، بەرپرسی ڕاگەیاندنی یانەی وەرزشی زاخۆ شڤان خەلیل لەبارەی هێنانی دوو یاریزانی پیشەگەری بەرزایلی بۆ ریزی تیپەکە ئەو بەوشێوەیە بۆ وەرزشی خەبات گوتی: بێگومان خولی بژاردەی ئێراق پێویستی بەیاریزانی ئاست بەرزو بەتوانا هەیە، بۆیە دەستەی کارگێری یانەکەمان بۆ بەرژەوەندی گشتی تیپەکە ئەمجارەیان پەیوەندی بەچوار یاریزانی دیکە کردووە کەدوویان بەرازیلین و دووانی دیکەیش یاریزانانی ناوخۆیین.

لەبارەی ناسنامەی یاریزانەکانی هاتوو بۆ یانەی زاخۆشڤان خەلیل زیاتر گوتی : هەروەک لەسەرەوە ئاماژەبۆکرد دەستەی کارگێری یانەکە چوار یاریزانی دەستنیشانکردووە بۆبەهێزکردنی ئاستی تیپەکە، ئەگەرچی دوویان بەرەگەز بەرازیلین،بەڵام لەم کاتەدا ناتوانین ناوی هیچ لەیاریزانەکان ئاشکرا بکەین تائەو کاتەی دەستەی کارگێری یانە دەگاتە رێکەوتنێک کەلەنێوان هەردوولا سەبارەت بەچۆنیەتی مووچەو گرێبەستەکانیان ئەنجام دەدرێت.

# فیفا لیستی کۆتایی پاڵێوراوانی تۆپی زێڕین راگەیاند




یەکێتی نێودەوڵەتی تۆپی پێ (فیفا) بەفەرمی لیستی کۆتایی پاڵێوراوانی تۆپی زێڕینیان راگەیاند کە دەدرێتە باشترین یاریزانی جیهان لەساڵی 2014؟ لیستەکەش هەروەکو چاوڕوان دەکرا هەرسێ یاریزان (کریستیانۆ رۆناڵدۆی پورتوگالی و لیۆنێل مێسی ئەرژەنتینی و مانوێل نوێری گۆڵچی ئەڵمانیا ) لەخۆ دەگرێت. ناوی خاوەن خەڵاتەکەش کە لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی و گۆڤاری (فرانس فوتبۆڵ)ی فەرەنسی لە 12ی مانگی داهاتوو لەشاری زیوریخی سویسری دەبەخشرێت. رۆناڵدۆی ئەستێرەی ریال مەردیدی ئیسپانیا لەوەرزی رابردوو خاوەن خەڵاتەکە بوو و توانی کۆنترۆڵی مێسی بۆ ئەم خەڵاتە کۆتایی پێ بێنێت، کە چوار ساڵ لەسەر یەک خاوەنی بوو، پێدەچێت لەم وەرزەش رۆناڵدۆ خەڵاتەکە بۆ جاری دووەم لەسەر یەک بباتەوە لەگەڵ ئەوەی مانوێل نوێر رکابەرێکی بەهێزی ناوبراوە.